www.kurdistannet.org
23-10-2006 21:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# داهێنەری ئاشتی یان مەلەوانی سیاسەت و ڕاگەیاندن؟!!! ئاسا



سەرەتا جەژنتان پیرۆز بێت و هەموو کاتێکتان هەر جەژن بێت،
خۆزگە هەموو شتەکان وەکو خۆی دەنوسران خۆزگە چیتر ئەو فشەیەی سەر کاغەز نەدەما کە هەندێك کەس ستایشیشی پێ لێ دەدەن، یاخوا هەر ئاشتی و ئاشتەوایی ببێتە میوانی ماڵی کورد یاخوا هەر جەژن لە جەژن خۆشتر ببێتە سەرە مانگی ساڵی کوردی یاخوا قەت دەستمان سور نەبێتەوە بە گیانی پاکی برایەت و ڕۆژانی شاخ یاخوا کەسێك لە کورد ببێتە خاوەنی مەدالیایی ئاشتی لە جیهان!

بابەتێکی جوان لە مەدح و سەدا بۆ مامەگیان لە ژێر ناونیشانی (مام جەلال داهێنەری ئاشتیە) هاتبوو لە یەکەم ڕۆژی جەژنی پیرۆز منیش چاوێکم پێداخشاند زۆربەی ووتەکانی ئەو بەڕێزە لە کوردێکی ڕەسەن و شەرم لە خۆ کردوو دەچوو مرۆڤ من وێڕای دەستخۆشیم بۆ بەرزی هەستی) کاك محەمەد ساسی) و بۆ خەمخۆری بۆ چەند کارێك کە نەکراوە وە من لێرەوە دەستخۆشی لە مامە گیان دەکەم بۆ ئەم هەڵوێستە بەرێزەی ئەو لەو ڕۆژەدا بەڵام هەندێك ڕوونکردنەوەش هەن با ئێمەش هەر بنێشتەکە نەجووین با بزانین تامی چی یە؟؟؟؟؟؟؟؟
چاوەکەم ئەو تەشیەی کە مام و کاکە ڕستوویانە بە من و تۆ خاو ناکرێتەوە وە ئەو کۆشك و ڤیلا یانەی کە دروستیان کردوون بە من و تۆ نە دیکۆر دەکرێن نە خاپووریش دەکرێن بەڵام کە تۆش هێندە لەژێر پلەیکی گەرمی برایەتی دەژی دە هەندێك حەقیقەتیش پیشانی خەڵك بدە هەر با یەك چاکە نەوەستێت بەرامبەر بە مێژوویێك!
هەموومان بە قەدەر خۆمان داخ لە دڵی بەعسی خۆێن مژ بووین بەڵام هەر ئەو فایلدار و کۆنە جاشانە بوون کە گوند بە گوند و شار بە شار دەست دۆی سەید ڕەئیس بوون کە ئەو نەهامەتیە یان تووشی ئەم گەلە بەدبەختە کرد.
لەم بابەتەم دا ویستم چەند ڕاستیەك پیشانی تۆی بەڕێز بدەم کە زۆر کەسمان هەن مەلەوانی سیاسەتن و داهێنەری ئاشتین
لەسەر شانۆ، ! یەکێك لەو بەڕێزانە مامەی خۆشەویستە خۆزگە ئەو بوارە دەرەخسا بۆ سەرکردەکان تا هەندێك لەو سەرکردانەشمان بهێنابایە ئاخاوتن ئەگەر هەر نەبووایە ئەو پرسیارەم ئاراستەی مامەی خۆشەویست بکردایە کە (لە زەڵێ ئەوکات لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانی بوو، مەبەستی مامە لەوە چی بوو کە گوللە دۆشکەیەك بە پێش مامە کەوتبوو ئەویش لێیان پرسی بوو ئەوە چی بوو چی ڕویدا ئەویش گووتبووی هیچ نەبوو خەریك بوو میللەتی کورد بحەسێتەوە) !!!!!؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
(با بۆچونی ئەم ووتەیە بۆ ئێوە بێت)
مام جەلال بە هۆی سیاسەتی خۆی خۆی لە هەموو بوارەکان دەرباز کردووە بەرامبەر بە قسەی میللەت و کەسانی ساویلکە و خۆشباوەڕ بەڵام هەمووشمان هەر وا نین کە بە یەك ووشە ڕەنگی دنیامان لە پێش بگۆڕێ وەك هەندێ لە جەماوەری کوردستان و یەکێتی بە تایبەت! هەموومان شاهێد حاڵی ئەوەین کە مامە هاوکار نەبووە لە لابردنی ڕەمزی بەعس لە سەر خاکی سەدوهەشتاو دووهەزار کەس کە وەکو هەوای سەر زار لەگڵنران و مێژوویێکی پر لە گریان و ڕۆ ڕۆیان بۆ ئێمە تۆمار کرد،
هەموومان شاهێدی ئەوەین کە حزبی دیموکرات کە حەق ئەوەبوو یەکێتی بەزمی سەردەمیان پێ بکات یان یارمەتیان بدات لە بەرامبەر (حکومەتی جمهوری نا اسلامی ئیران) مامە هەتا ئەم ماوەیەش هێشتا بیری لەوە

نەکردبووەوە کە ئەگەر کەسێك لەژّێر ئالایەك دا بوەستێت بەو دروشمە خەڵك هەڵی دەسەنگێنن ئەوەی کە گەواهی هەموو شتەکانە خەڵکی بە شەرەفی هەڵەبجە ئێستاش سێ بەشی تاوانی کیمیا باران دەگرنە ئەستۆی یەکێتی بەڵام کە لە ژێر دەسەڵاتی بەرێوەبەری یەکێتی گیرساونەتەوە ئێستاش ناوێرن ئەوە بە ئاشکرایی بڵێن کە یەکێتی فاکتەری ئەمە بوو، بەڵام ئێمە ئەوە لە شوێن ئەوان دەڵیین کە بە بەڵگە وە ئەوە ڕاستە.

وە سەدامی فشەکەر لە مەحکەمەدا ئێستا هیچی پێنەماوە ئێستا ئەمریکا بریاری لە سێدارەدان دەخاتە بەردەستی مامە کە مامە نایکات لەبەر کورسی خۆی لە بەغدا و... هتد!!! وە ئەگەر لە سێدارەش بدرێت بە رای من هیچ لە باسەکە ناگۆرێت و ئەوەی کردی کردی ئێستاش من پێم باشە کە بمێنێ و چاو لە وەزعی ناسەقامگیری حکومەتەکەی بکات و ئەو دەستدۆیانەی کە ئێستا جێی ئەویان گرتۆتەوە چی دەکەن و چی ناکەن؟!!!!

ئەگەر دڵنەرمی مامە لە بەهەشتێك زیاتر بووبێت ئێستاش لەبەر نەوشیروانێك و کۆسرەتێك هەموو شتی بە دەست نیە و سێ بەشی ئەو ناکۆکیەی کە بە دەستی مامە کرا بە دەنگی ئەوان بوو وە ئەوە بوو کە لە یەکتری هەڵزەقینەوە هەتا هەڵبژاردنیش بوو بە چارەنووسی حیزبێکی بێ سەرپەرشتیار و پڕ لە سەرپەرشتیار. چونکە مامە دەیتوانی کە زوو دەست بە دەمی ئەوان بگرێت بۆ نەدانی ئەو هەموو فەڵتە بە ناوی مامە و بە دڵی ئەوان. !

وە ئەوەی کە دەبوو بە خاڵێکی ئەکتیڤت وەربگرتایە ئەوەیە بۆ لە نەوەدوشەش مامە ئەوەی نەکرد؟ کە ئەو پەڕی ناکۆکی و ناخۆشی کوردی بوو. خۆ پارتیش دەیتوانی کە خۆشەویست و برایەتی هەر لەو کات ڕابگەیەنێت و ئاڵا ئاشتی بەرز بکاتەوە و بە زۆربەی خاڵ و داوایەکانی ئێوە ڕازی بێت بەڵام ئێوە هەمیشە دەنگتان کەمتر و قسەتان گەورەتر بووە،

وە ئەم سێ وێنەیەش کە لە خەباتی شاخە پێشکەشە بە ئێوەی بەرێز... هیوادارم کە بەدڵتان بن

ئاسا asa_kurdm@hotmail. com
23october2006


